السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# هەرکەسێک هانی ئافرەتێک بدات دژی مێردەکەی یان هانی کۆیلەیەک بدات دژی گەورەکەی؛ ئەوا لە ئێمە نییە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک هانی ئافرەتێک بدات دژی مێردەکەی یان هانی کۆیلەیەک (بەندەکەیەک) بدات دژی گەورەکەی (خاوەنەکەی)؛ ئەوا لە ئێمە نییە».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

هەرکەسێک هەوڵبدات نێوان ئافرەتێک ومێردەکەی تێکبدات وهانی ئافرەتەکە بدات دژی مێردەکەی یان بە پێچەوانەوە، ئەگەر ئەم تێکدەرە پیاو بێت یان ئافرەت، ئەمیش بەوەی باسی خراپە وبەدڕەوشتی پیاوەکە بکات یان بە پێچەوانەوە باسی خراپە وبەدڕەوشتی ئافرەتەکە بکات لای مێردەکەی بۆ ئەوەی دژی یەکتر ببنەوە هەتا مێردەکە هەوڵبدات تەڵاقی بدات یان ئافرەتەکە هەوڵبدات لێی جیابێتەوە، یان نێوان کۆیلەیەک (بەندەیەک) وگەورەکەی (خاوەنەکەی) تێکبدات وهەوڵبدات هەندێک کردەوە بکات کە وا بکات ئەم کۆیلەیە یان گەورەکەی بە خراپە مامەڵەی لەگەڵ یەکتر بکەن وهەتا کۆیلەکە هەڵگەدەڕێتەوە ولە گەورەکەی جیا دەبێتەوە؛ لەسەر ئەم کارە چەوتانە هەڕەشەی توند هاتووە وئەمیش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئەمانە تاوانی گەورەن بۆیە هەڕەشە وئاگادارکردنەوەیان لەسەر هاتووە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8884

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee